## گوڵاڵەی مامە عەزە:

# ”سەردانی پرسەیەکم کرد پێنج تەنەکە خۆڵی شارەوانی لە ماڵەکەدا هەبوو“



گەنجێک لە کاتی بچڕاندنی گوڵێکدا

**هانا**

بەپێی نەخشەو پلان ٥٠٠ دۆنم زەوی دەبێت بکرێتە سەوزایی کە ٤٠٠ دۆنم کراوەتە سەوزایی، بەڵام هاوڵاتیان بەرەفتارەکانیان لەبەرامبەر ئەو سەوزاییانەدا ئەوە دەسەلمێنن کە نامەسئولانە رەفتار دەکەنو هەر ئەو رەفتارانەش فێری منداڵەکانیان دەکەن، گوڵاڵەی مامە عەزەی ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی تەواو نیگەرانو نائاسودەیە کە دەبینێ هاوڵاتیان چۆن مامەڵە لەگەڵ باخچە گشتی‌یەکانو مولْکی گشتیدا دەکەن "١٧٦ باخچە هەیەو پلانی ٢٠ باخچەی تریش هەیە تەنها لەپێناو خزمەتکردنی شارەکەدا دروست بونو دروست دەکرێن" ئەو سەری سوڕماوە لەرەفتاری هاوڵاتیانو دەڵێت "لەچوارباخ باخچەیەکمان دروست کرد پیاوانی گەڕەکەکە داوای کورسیان کردو یاریش بۆ منداڵەکانیان، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم کورسی سوتێنراو یاریش دزرا" ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو هاوڵاتیان بەو شێوەیە رەفتار ناکەن، بەڵام نایشارێتەوە کە چەند نیگەرانە لەوەی لەئایندەدا ئەو رەفتارانە چ کاریگەریەکیان دەبێت لەسەر منداڵەکان "لەپارکی توی مەلیك خوێندکاران سەعی دەکەنو ئێمەش بەدابین کردنی هەندێك پێداویستی هاوکاریمان کردون ئەو گەنجانە باخچەکە وەكماڵی خۆیان دەپارێزن تەنانەت هاوکاری باخەوانەکە دەکەن" هەروەها دەڵێت بەچاوی خۆم ئەو روداوەم بینی مامۆستایەك لەپارکی ئازادی کچەکەی ناردبو بەرەگەوە گوڵەکانی بۆ هەڵبکێشێ ئیتر دەبێ ئەو منداڵە گەورەبو چۆن لەمولْکی گشتی بڕوانێت" تەنها گوڵاڵە نیە کە لەرەفتاری نامەسئولانەی هاوڵاتیان نیگەرانە ئەندازیار ئەحمەد رەشید رەحیم جێگری لێپرسراوی بەشی هونەریش بەنیگەرانییەوە باسی لەمامەڵەی هاوڵاتیان دەکرد لەگەڵ مولْکە گشتی‌یەکاندا "٤٠% ی تابلۆی گەڕەکەکان شکێنرابون لەلایەن هاوڵاتیانەوە کە نەفامیو هەست نەکردن بەلێپرسراویو هەوڵی گێرەشێوێنی هۆکاری سەرەکین بۆ ئەو کارەی هاوڵاتی "ئەو توڕەیە لەرەفتاری هاوڵاتیانو بەهەند وەرنەگرتنی مەسەلەکان لەلایەن ئەوانەوە" ئەوان زۆرجار دەڵێن ناوەکەمان بەدڵ نیە لەگەڕەکی هەکاری خۆم بەسەر روداوی شکاندنی تابلۆکەدا چوم کە وتم بۆ وادەکەی وتی حەزمان لەو ناوە نیە، لەگەڕەکی دەباشان کۆمەڵێك هاوڵاتی تابلۆکەیان شکاندبو دەیانوت دەبێت ناوبنرێت شێخ قادری چوێسەو پاسەکانیشیان ناچارکردووە ئەو ناوە بنوسن" ئەو زۆر بەلایەوە سەیرە کە خەڵك بەو شێوەیە رەفتار دەکەن ئەگەرچی ئەوان رەچاوی ئەوەیان کردوە کە ناوی گەڕەکەکان لەسەر بنەمای رەچاوکردنی مێژووی کوردبێت "ناوی شەهیدەکانی سەردەمی شۆڕشی قازیو چوار ئەفسەرەکەو شارە کوردیەکانی پارچەکانی تری کوردستانمان پەسەندکردووە بۆ ناونانی شاری سلێمانی" ئەحمەد رەشید پێی سەیرە کە هاوڵاتیان سەرپێیانە لەو ناوانە ئەڕواننو گرنگی بە سیستمەکەو ناوەکە نادەن" ناپاکێك نەخشەکانی گەیاندبووە ئێران، دەسەڵاتدارانی ئێران نارەزایی خۆیان دەربڕی کە بۆچی ناوی شارە کوردیەکانو قازی محمد هەیە، حکومەتی تورکیاش بەهەمان شێوە نارەزایی لەناوەکانی لەیلا زاناو ئیسماعیل بێشکچیو.. دەربڕی"

سەبارەت بەپێویستی پرۆژەکەش دەڵێت "ئەو پرۆژەیە ٢٠٠٢ تەواو بو کە زیاد لە٢ ملیۆنی سویسری تێچووە تەنها بۆ ٦٨ گەڕەکی ناو سنوری ٦٠ مەتریو لەساڵی ٢٠٠٤دا ٤١ گەڕەکی تری زیاد کردووە" ئەوەی رەچاو دەکرێت زۆربەی فەرمانگەکان کاربەسیستمی ژمارەو ناوی گەڕەکەکان ناکەن تەنانەت لەسەر تابلۆی پاسەکانیش نیە فەرمانگەکانی کارەباو ئاوو فەرمانگەکانی تریش کاری پێناکەن ئەو دەڵێت "لەفەرمانگەکەی خۆماندا کاری پێناکرێت داواشمان لەئەنجومەنی وەزیران کردووە کە ئەمە گشتگیر بکات وەلامیان نیە" ئەحمەد رەشید گەیاندنو کارپێکردنی ئەو پرۆژەیە بۆ هاوڵاتیانو لەلایەن هاوڵاتیانەوە وەك خۆی دەڵێت ویژدانی ئاسودە دەکات، چونکە ئەو هەست بەلێپرسراویتی دەکات بەرامبەر ئەو پرۆژەیە "ماوەی ٣ مانگ هاوکاری کوردتێل" م کردووە ئێستا ئەوان تاکە دەزگان کە کار بەو سیستمە دەکەن ئەوە جگە لەوەی لەخولێکدا ٣٦٠٠ مامۆستا شارەزای ئەو سیستمە بون دەبوا وەزارەتی گەیاندن تەواو ئەو سیستمەیان پەسەند بکردایە فەرمانگە مروریش کاریکیان بکردایە هەموو سایەق تاکسیەکان شارەزایی ئەو سیستمە بونایەو کاریان پێبکردایە "هەر یەك لەگوڵاڵەو ئەحمەد رەشید کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەزگاکانی پۆلیس هاوکاریان کردون، بەڵام پێویستە دەزگاکانی راگەیاندنیش هاوکاریان بن گوڵاڵە سورە لەسەر باس کردنی دیاردە دزێوەکان کە هاوڵاتی هۆکاری راستەوخۆیە تیایدا "چەند ساڵە لەشەقامی سالم دارێك نەڕواوە ئەوەندەی دەشکێنەوە لەپارکی بەختیاری ماڵێك مەرو مالاتیان ناردبوە باخچەکەو ماڵێکی تر لەوێ مقەلیەکەیان رۆکردبوو" ئەحمەد رەشیدیش وتی "گەڕەکی جولەکان زۆر کۆنەو رۆژی دانانی تابلۆکە ژنێك بەقسەی ناشیرینو جنێودانەوە بەرەو روم هاتو وتی ئێمە موسوڵمانین بۆ ناومان دەنێن جولەکە" هەروەها وتی "شەقامی پیرەمەگرون، هەردوو گەڕەکی بەختیاری و زەرگەتە جیادەکاتەوە و ئێمەش تابلۆیەکمان لە وبەردانە دانا (بەختیاری)لەمبەریشەوە تابلۆی (زەرگەتە)پیاوێك هات و ووتی ئەبێت زەرگەتەکەش بکەیت بەبەختیاری گەر نا نرخی موڵکەکانم دادەبەزێت"لەروداوێکی هاوشێوەی تریشدا ئەو دەگێڕێتەوە ودەڵێت "پیاوێك هات و ووتی ٢٠هەزار دینار زە رەر دەکەم لەبەر ئەوەی گەڕەکەکەت ناو ناوە دەباشان، خەڵك حەزیان لەناوی (شێخان)ە وبۆیە خانوە کەم لێ‌ناکرێت گوڵاڵەش دەڵێت "بۆ پرسە چوین بۆماڵێك ٥ تەنەکە خۆڵی شارەوانی لێ‌بوو خۆم بۆ نەگیراو قسەم کرد، تەمەنی تەنەکە خۆڵەکانی سەر شەقامەکانو ئەزمەڕو.. زۆر کورتە نازانم بۆ هاوڵاتی دەیان شکێنێت" ئەندازیار ئەحمەد لەدوا قسەکانیدا دەیەوێت بڵێت کە پێویستە لەسە ر حکومەت هەندێك هەڵوێست وەربگرێت " ئەو سیستمە بۆئەوە کرا کاری پێ‌بکرێت نەك فەرامۆش بکرێت" هەروەها دەڵێت " ئێمە لەئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاگاداردەکرێینەوە کە دەبێت بەزوترین کات مامەڵەی هاوڵاتیان راپەڕێنین، بەڵام هەر بۆ نمونە لەمانگی ٨ ی پارەوە ئێمە نوسراومان سەبارەت بەچۆنیەتی پارکەکان ئاراستە کردون وەڵامیان نەداوەتەوە"

دواجار گوڵاڵەی مامە عەزە بەپێزانینەوە باسی لەڕۆڵی سەرجەم کارمەندانی ناو پارکی ئازادی دەکردو وتی "ئەوانەی لەوێ کاردەکەن زۆر لەخۆبردوون هەر خەریکی چاندنەوەن رۆژی وا هەیە ٣ عەرەبانە پاشماوەی خواردنو بتڵ لەپارکی ئازادی دەبرێتە دەرەوە" هاوڵاتیەکیش لەپارکی ئازادی وتی "من دەچومە ژورەوە گروپێك دەهاتنە دەرەوە کاتێك پۆلیسە کە وتی مەکە کچێ ئاوڕم دایەوە بینیم کچێك

# ئەو نرخەی کە دەبێت بۆ ژیانی هاوسەریەتی بدرێت

**و: فەرزانە عەلی**

ژیانی گەلێك لەگەنجەکانی ئەفغان بەبۆنەی شیربابیەکی زۆرەوە کە بنەماڵەکانیان داوای دەکەن، لەناو دەچێت.

نەجیبە مەعروف، تەمەن ١٦ ساڵ لەشەوی بەهاوسەربووندا خۆی کوشت. لەحاڵێکدا بنەماڵەی خۆیو زاوا کە چاوەڕوانی بەڕێوەبردنی رێورەسمەکە بوون، ئەم کچە گەنجە کابوڵیە بەخواردنی ژەهر کۆتایی بەژیانی خۆی هێناو نەیویست لەگەڵ پیرەمێردێکدا کەبابی بۆ هاوسەری ژیانی هەڵیبژاردبوو زەماوەند بکات. نەجیبە، لەنامەیەکدا کە لەدوای خۆی بەجێیهێشت، ئاوانی نوسیبوو: (نامەوێت دو خوشکەکەم ببنە قوربانی پارە، دواین داواکاری من لەئێوە ئەوەیە کە رێگە بدەن لەگەڵ ئەو کەسەدا کە خۆیان ئەیانەوێت ژیانی هاوسەری پێکبهێنن. تکاتان لێ دەکەم ئەوەی لەگەڵ مندا کردتان لەگەڵ ئەواندا نەیکەین).

باشی عەبدول بابی نەجیبە دەڵێت ئەو بابی ٣٠٠٠٠٠ رۆپیەی پاکستانی کە ٥٠٠٠ دۆلار ئەکات، لەباتی مارەکردنی کچەکەی لەو پیاوە پیرەی وەرگرتبوو. (بەڵام نەجیبە بەو هەڵبژاردنەی من رازی نەبوو، هەر بەم هۆیەوە، شەوی خەنەبەندانی کرد بەشەوی ماتەمو پرسە).

ئەو بەهاوسەربوونانەی کە بەبۆنەی پارەوە دروست دەبێت، بەزۆری دەرئەنجامێکی وەها ناخۆشیان لێدەکەوێتەوە ئەم جۆرە زەواجانە نە تەنها بووکەکە بەدبەخت دەکات، بەڵکو بنەماڵەی زاوایش پەرێشان دەکات. ئەم عامەلەی پارەیە لەهەندێك لەبەشەکانی کۆمەڵگای ئەفغانی‌دا باوەو نابێت لەگەڵ مارەییدا بەهەڵە وەربگیرێت، چونکە مارەیی ئەو بڕە پارەیە کە بنەماڵەی زاوا دوای گرێبەستی هاوسەری دەیدەنو ئەم بڕە پارەیە وەك پاشەکەوت هەڵدەگیرێ کە ئەگەر جیابونەوە هاتە ئاراوە یان مێرد کۆچی دوایی کرد دەدرێت بەژنەکە، لەراستیدا مارەیی پاری خەرجی ژنەکەیە. باری ئابوری خراپو دۆخی ئابوری هەندێك لەبنەماڵەکان مەترسیدارە، دەبێتە هۆی ئەوەی کەسوکاری کچەکان لەبنەماڵەی زاوا پارەیەکی زۆرداوا بکەن.

پیاوێك کە کچێکی جوانی هەبێت، لەکەسێك مارەی دەکات کە زۆرترین پارەی پێ بدات بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی کچەکە رەزامەندبێ بەم هاوسەرگیریە یان نا.

کاربەدەستان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دانی پارەیەکی زۆر بەبنەماڵەی بووك لەیاساکانی ئیسلامدا قەدەغەیە، بەڵام بەوتەی سەعید عەبدولرەزاق سەرۆکی دادگای بازرگانی دانی ئەم پارەیە لەکاتێکدا رەوایە کە بووکەکەش رازی بێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کاربەدەستانی حکومەت کەمتەرخەمنو دەبێت گەنجە ئەفغانیەکان ئازارەکەی تەحەمول بکەن.

شەکیبا نزیك ٢٠ ساڵ تەمەنیە، منداڵێکی ٤ ساڵانی هەیە.

ئەو ویستبوی لەگەڵ فەرەیدون هاوڕێ سەردەمی منداڵی خۆیدا ژیانی هاوسەریەتی پێکەوە بنێت، بەڵام بابی رازی نەبو، تا ئەوەی کە فەرەیدونو بنەماڵەکەی بە ٦٠٠٠ دۆلارەوە داوای شەکیبایان کرد.

ژیانیان پێکەوە ناو دوو هاوسەرە گەنجەکە بەخۆشحالییەوە دەستیان بەژیان کرد.

بەڵام فەرەیدون نهێنیێکی کوشندەی لەناخی خۆیدا حەشاردابوو، ئەو ئەم بڕە پارەیە کە ئەوەندەی موچەی سێ ساڵ مامۆستایەکە لەئەفغانستاندا، قەرزکردبوو، دیسان دەبوایە بیداتەوە، حەوت مانگ دوای ژیانی هاوسەری خۆکوژی کرد.

شەکیبا دەڵێت "خاوەن قەرزەکان بێحورمەتیو هەڕەشەیان لەمێردەکەم دەکرد، سەرئەنجام ئەو نەیتوانی خۆڕاگری بکاتو خۆی خستە ژێر شەمەندەفەرێكو گیانی لەدەستدا".

هەروەها دەیگوت "هەڵبەت بکوژی سەرەکی مێردەکەم باوکم بوو، چونکە ئەگەر ئەو داوای ئەو بڕە پارە زۆرەی نەکردبایە ئەم روداوە هەرگیز روی نەدەدا. دوای خۆکوژی فەرەیدون نەگەڕامەوە ماڵی باوکمو ئیدی ناشگەڕێمەوە.

سەراجەدینی تەمەن ٢٩ ساڵ، جوتیارێکی ناوچەی بگرامی پارێزگای کابلەو دەڵێت خۆزگە هەرگیز ژنم نەدەهێنا.

ئەو دەڵێت "زەویو زارەکانی خۆمم نایەگرەو بڕی ١٦٠,٠٠٠٠٠٠ ئەفغانی (٤٠٠٠دۆلار)مدا بەخەزورم ئەم پارە جگە لەو گۆشتو برنجو دار (بۆ سوتاندن)و جلوشیرینیو.. کە بۆ کاتی شایی ئامادەم کردبوو، و ئێستا داهاتم بەشی قەرزەکانم ناکات، لەسەر زەوی خەڵك کاردەکەم تابتوانم قەرزەکانی ئەو کاتەم بدەمەوە.

سراج الدین ئەڵێت "دەبێت بنەماڵەکان کچەکانی خۆیان سەربەست بکەن تاکو بەدڵی خۆیان زەواج بکەن مرۆڤ بەپارە ناکڕدرێت"

بەڵام زۆربەی ئەفغانەکان، بەتایبەت ئەوانەی خاوەن بنەماڵەی گەورەن دژی ئەم بۆچوونەن، چونکە ئەم پارەیە لەبودجەی بنەماڵە جودایەو وەك پاشەکەوتێك هەڵدەگیرێت.

ئەختەر محەمەد شوفێرێکی خەڵکی پارێزگای لۆگرەو دەڵێت "من چوار کچو سێ کوڕم هەیە ناچارم لەبری مێردکردنی کچەکانم پارەییەکی زۆر بەدەستبهێنم تاکو بۆ کوڕەکانم ژن بهێنم.

ئەو دیسان دەڵێت "ئەگەر کەسێك بیەوێت دەزگیرانی هەبێت، دەبێت ئەو بڕە پارەیەی کە باوکی کچەکە داوای دەکات بیدات نابێت کەس بەبێ دانی ئەو پارەیە ژن بهێنێت، ئەو ژنانەی بەبێ ئەو شیربایەی زەماوەند دەکەن لەماڵی مێردەکەیاندا ریزێکی ئەوتۆیان نیە، ئەو کەسانەی پارەیان نیە دەبێت بیرلەژن هێنان نەکەنەوە.

**نەسیمی شەفق لەکابل پشاور**
**لە سایتی IWPR**